# تۆڕی پاراستنی خێزان، هەتا دێت مەرجەکانی قورستر دەکات

تۆڕی پاراستنی خێزان بۆ سێ ساڵ دەچێت لە مەخموور کاردەکات، چەندین خێزان بە بڕە پارەیەکی دیاریکراو، یارمەتی دەدات، بەڵام لەگەڵ سەختتربوونی گوزەرانی خەڵك، مەرجەکانی بەرکەوتنی ئەو بڕە پارەیەش سەختتر بووە.

**بەدواداچوون: شێرکۆ مەحموود**



یاسین شەریف



عەبدولڕەحمان ئەحمەد رەمەزان

## ملیۆنێك دینارم لە گیرفانی خۆم خەرج کردووەو دینارێکیشم لە کەس وەرنەگرتووە

## ئەو کەسەی بزانین تواناى هەیە (١٠-١٥)هەزار دیناری لێوەردەگرین بۆ هاتوچۆی موسڵ

(یاسین شەریف) بەرپرسی پێشوو پێی وابوو "کاتی من کەسی بێکار ئەگەر لە فەرمانگەی (ضمان) ناونووس بوایە سوودمەند دەبوو، پەککەوتەو نەخۆش بەراپۆرتی پزیشك سوودمەند دەبوو، هەروەها بێوەژنی بە منداڵ مەرجەکان زۆر ئاسان بوون".

بەڵام (عەبدولرەحمان ئەحمەد رەمەزان) بەرپرسی ئێستا گوتی "ئێستا مەرجەکان لەچوارچێوەی یاسایەو دەبێ بەڵگەنامەکان تەواوبن، لەوانە پسولەی خۆراکی موسڵ بێت، پشتگیری دانیشتنی ناوچەکەی هەبێت، زەوی کشتوکاڵی نەبێت، ئەوانەی ئەو بڕە پارەیەش دەیانگرێتەوە (بێوەژن بەمنداڵو بێ منداڵ، تەڵاقدراو هەروەها هەتیوی دایكو باوك، پیر بۆ پیاو ٦٠ ساڵ بۆ ژن ٥٥ ساڵ، قوتابی تا قۆناغەکانی کۆلێژ ئەگەر خێزاندار بێت، لەگەڵ خێزانی پیاوێکی حوکمدراو".

ئەوانەی کار لەنێو ئەو تۆڕە دەکەن، فەرمانبەری میرینو خۆبەخشانە کاردەکەن، لەبەرامبەریش هیچ پارەیەکیان بۆ سەرف ناکرێت، وەك یاسین شەریف دەیگێڕێتەوە، ئەو کاتی خۆی چۆتە خولی موسڵو هاتوچۆی خۆیو دروستکردنی مۆر بۆ مەخموورو گوێڕو هاتوچوونی لیژنەی موسڵ بۆ هاتوچۆی موسڵو زۆر جاریش بۆ فەرمانبەرانی ئەوێ خواردن دەکڕین، تاکار ئاسانیمان بۆ بکەن ئەو ناوانەی کە وەك دوورخراوە (مستبعد) گەڕاونەتەوە، ئەوانەن کە لەگەڵ مەرجەکانی ئێستا ناگونجێن. کۆمەڵێك فایلیشی نیشاندایین، کە کەموکوڕییەکانی لەسەر نووسرا بوو. داوای سەرژمێرییەکمان کرد، تا بزانین چەند کەس تائێستا سوودمەند بوونە، دەرکەوت (٣٦٠) خێزان سوودمەندنو، شوێنیش بۆ (١٠٠٠) خێزانی تری مەخموورو کەندێناوەو گوێڕو قەراج داین کراوە. بەڵام لەبەر قورسی مەرجەکان، ئەوان ناتوانن ئەوەندە خێزانە ناونووس بکەن. تائێستا تەنها (٤٠٠) فایل ئامادەکراوە. هاوڵاتیانی کەمدەرامەتو، نەخۆشی درێژخایەنو، شێتو کوێرو کەمئەندام زۆرن. بەڵام مەرجەکان نایانگرێتەوە.

هاوڵاتیەك کە رازی نەبوو ناوی خۆی ئاشکرا بکات وتی "من بێوەژنمو کەسیش یارمەتیم نادات، تەنها لەبەرئەوەی لەپسوولەی خۆراك ناوی کوڕێکم هەیە کە فەرمانبەرە شمولم ناکات، خوا هەڵناگرێ، ئاخر من لەسەر خێری خەڵك دەژیم! ئەی نالێین حکومەت باوکی میللەتە! باوەڕ ناکەم شمول نەکات، بەڵکو ئیشەکەم بۆ ناکەن".

هاوڵاتییەکی تر بەناوی (ا -م) دەڵێ "خۆت دەبینی بێکارم، شەرم دەکەم دەست پان بکەمەوە، دەڵێن ناتگرێتەوە، چونکە ناوت لەفەرمانگەی (ضمان)ی موسڵ نەنووسراوە! باشە چۆن بچمە موسڵ؟ من نەخۆشم دەفتەری نەخۆشی درێژخایەنم هەیە دەڵێن تا تەمەنت نەبێتە (٦٠) ساڵ ناتگرێتەوە، ئەی ئەو خێزانە چ لێبکەم؟ با لیژنەیەك بێتە ماڵەکەمو حاڵم ببینن، هەردەڵێن یاساو یاسا!!! ئاخر یاسا کوێرە، بێویژدانە، بینایی و ویژدانی یاسا کەسانی یاسا بەدەستن، دەبا بێن حاڵم ببینن، بزانن موستەحەقم یان نا؟!".

لەبەرسڤی گلەیی خەڵكو کەلەبەرەکانی ناو مەرجەکان (عەبدولرەحمان)یش رای وابوو "دەبوایە شێت، نەخۆشی درێژخایەن، مەنگۆلی، کەرولاڵ، بێدەستو قاچ بیانگرێتەوە، بەڵام بەپێی رێنماییەکان تەنها نابینای (٦٠/٦)و ئیفلیجی هەر چوار پەل دەیانگرێتەوە".

خەڵکیش تۆمەتی ئەوەیان دەدا پاڵ لیژنە کە تەنها کار بۆ عەرەبەکان دەکەن، کەچی ئەوان لیستی ناوەکانیان بە ئێمە نیشاندا کە (٢٠٪)ی عەرەبو ئەوی تر کورد بوون. سەبارەت بەمەرجەکانیش رایان وابوو کە قورسن، ئەوان چەند جار نووسراویان بۆ موسڵ کردووە، تا دواجار بەڕێوەبەری ئەوێ زویربووەو گوتویەتی ئێوە سکاڵاتان لەمن کردووە، بەڵام ئەوە رێنمایی وەزارەتە نەك هی ئەوان.

ئێمەش قسەی خۆمان دەخەینە تەك ئەوان، دەڵێین پێویستە ئیدارەی مەخموور زیاتر هەوڵبدات تامەرجەکان ئاسانکاری تێدا بکرێت، بۆ ئەوەی زۆرترین خەڵك سوودمەندبن نەخاسمە کە ئێستا پەیداکردنی بژێو ئاسان نییە.

هاووڵاتی (أ–م)

**یاسا کوێرە ، بێویژدانە بینایی و ویژدانی یاسا. کەسانی یاسا بەدەستن**

●●●

بێوەژنێك

**تەنها لەبەر ئەوەی لە پسوولەی خۆراك ناوی کوڕێکم هەیە کە فەرمانبەرە شمولم ناکات**

مەخموورو خواردنیان هەمووی لەسەر گیرفانی ئەو بووە، یاسین زیاتر دواو وتی "رۆژێکیان لەموسڵ هاتنو وتیان یەك رۆژ ماوە بۆ وەرگرتنی مامەڵەکانی ئێوە، ناچار پەیوەندیم بە کاکەمین نەجاڕ بەرپرسی لقی دەوروبەری ئەوسا کرد، ئەویش پەیوەندی بە خەسرۆ گۆرانو لەوێش پارێزگا، تا توانیمان (١٢٠٠)ناو بۆ مەخموور داگیربکەین، تەنها لەیەك شەو (٧٠) بێوەژنم نووسی، پارەی دادنووسیش هەرهەمووی خۆم دام، ئەوکات (٧٠٠) خێزان لەو تۆڕە سوودمەندبوون"، هەر لەدرێژەی گێڕانەوەکەی بەجەختکردنەوە دەڵێ "زیاتر لە ملیۆنێك دینارم بۆ خێری خۆم خەرجکردووە، یەك دیناریشم لەکەسێك وەرنەگرتووە، کەچی ئێستا (سید طلال) ناوێك، لە قەراج بە ئاشکرا پارە لەخەڵك وەردەگرێ، خزمی خۆی کە پارەی نەداوە کاری بۆ نەکردووە. بەرێز قایمقامیشم لێ ئاگادار کردۆتەوە. دەشپرسێ ئەو (٣٠٠) ناوەی لەدەرگای مزگەوت درابوون، گوایە لەساڵی (٢٠٠٨) تۆڕی پاراستنی خێزان دەیانگرێتەوە چیان بەسەر هات؟ ئەمانە پرسیار گەلێك بوون، لەبەرپرسی ئێستامان کردن. ئەویش وتی "ئێمە ئەو کەسەی بزانین تواناى هەیە، بڕی (١٠-١٥) هەزار دیناری لێوەردەگرین، بۆ

## کورتە هەواڵ.. کورتە هەواڵ.. کورتە هەواڵ..

### * دیبەگە.. لە ١٦ رووداو ٣ هاولاَتی گیانیان لەدەستداوە

ئەفسەری لێکۆلینەوە لەبنکەی پۆلیسی دیبەگە نەقیب (هوشیار حسێن) سەبارەت بەخراپی رێگاوبانو رووداوەکانی هاتووچۆی ئەمساڵ رویانداوە، بە (دەنگی مەخموور)ی راگەیاند "لەسەرەتای ئەمساڵەوە، تاکو ئێستا زیاتر لە (١٦) رووداوی هاتووچۆ لە ناوچەی کاری ئێمە روویداوە، جیا لەو روداوانەی کە لەلای ئێمە تۆمار نەکراون، لەوانەش چوار رووداو دڵتەزێن بوونەو سێ شوفێر گیانیان لەدەستداوە"، هۆشیار حوسێن باسی لەوەشکرد کە "هەر لەشەوی ٧ لەسەر ٢٠٠٩/٣/٨دا هاوڵاتی (عوسمان عەبدولرەحمان) کاتژمێری چواری شەو لەنزیك خاڵی پشکنینی چوارڕیانی دیبەگە بەهۆی چاڵێکەوە وەردەگەڕێو لەئاکام منداڵێکی سێ مانگی دەمرێو خۆیو خێزانەکەشی ئێستا لە نەخۆشخانەن".

سەبارەت بەهۆکارەکانی رووداوی هاتوچۆ لەسنووری شارەدێی دیبەگە ئەوەی روونکردەوە کە "هۆکاری رووداوەکان دەگەڕێتەوە بۆ خراپی رێگاوبانەکان، بەتایبەت لەنێوان هەردوو گوندی بیرەباتو مەلاقەرە کە تائێستا چاك نەکراوەتەوە، هەروەها لەگەڵ نەبوونی نیشانەکانی هاتووچۆ لەو ناوچەیەو نەبوونی رووناکی لە خودی چوارڕیانەکە هۆکارێکی دیکەی رووداوەکان بووە".

### * مەخموور.. خەڵك لە چاوەڕوانی وەرگرتنی زەوییەکانیانن

دوای رووخانی رژێمو ئازادکردنی شاری مەخموور چەندین جار بەڵێن بەخەڵکی ئەو ناوچەیە دراوە و ناویان نووسراوە بۆ ئەوەی زەوی نیشتەجێ بوونیان پێ بدەن. هەرچەندە زۆربەی دانیشتوانی مەخموور لە چۆنیەتی ناونووسینکردنەکە گلەییان هەیە، بەڵام دوایین جار لە ٢٠٠٨/١١/٦ بە ئامادەبوونی بارزان سەید کاکە قایمقامی قەزای مەخموورو خاتوو روقیە محەمەد ساڵح بەڕێوەبەری شارەوانی مەخموور زیاتر لە ٢٠٠ پارچە زەوی تیروپشکی بۆ کراو ژمارەی زەوییەکان دابەشکراو بەڵێنیان بەو خەڵکەدا کە لەماوەیەکی نزیکدا زەوییەکان وەردەگرن، بەڵام دوای تێپەربوونی چوار مانگ بەسەر ئەو بەروارە کەچی لە بێ دەنگی شارەوانی چیتری نەکردووەو نازانرێ هۆی راوەستانی ئەم دابەشکردنە چیە؟.

### * مەخموور... سێیەمین کۆنفراسیی سەنتەری رۆشنبیری مەخموور بەڕێوەچوو

بەئامادەبوونی نوێنەری قایمقامیەتو دادگای مەخموورو ژمارەیەك لەحزبو لایەنی سیاسییو رۆشنبیران، رۆژی ٢٠٠٩/٣/٤ لەهۆڵی چالاکی قوتابخانەکان سەنتەری رۆشنبیری مەخموور سێیەمین کۆنفراسی لەژێر ناوی (رۆشنبیر پێشمەرگەی ئەم سەردەمەیە) بەڕێوەچوو.

دوای تاوتوێکردنی پەیرەوو پرۆگرامی سەنتەرو دواتر دەرگای خۆ پاڵاوتن لەرووی ئەندامان کرایەوە دەستەیەکی نوێ هەڵبژێردرا کە پێك هاتووە لە (بایەزید رەحمان)بەرپرسیی سەنتەر، بۆ دەستەی کارگێری ئەوانیش (نزار جەمیل، جەلال خەیلانی، بارزان ساڵەیی،ئارام ئازاد، شلێر، کۆسرەت بندیان) هەریەك لە خوناو و دڵگەش بە ئەندامی یەدەگ دەرچوون.

# کەندێناوە
# دابەزینی بە بەرهەمهێنانی کەرتی پەلەوەری

**راپۆرت : قارەمان قادر**

لەبەرکەمی خزمەتگوزاری پێویست وەك نەبوونی سوتەمەنیو گەنمو پێداویستییە تەندروستیەکان، پرۆژە پەلەوەرییەکانی دەشتی کەندێناوە بەرهەمیان روو لە دابەزینو مەترسی نەمانی لێدەکرێت.

بەمەبەستی گرنگیدان بەکەرتی کشتوکاڵو بوژاندنەوەی سامانی پەلەوەری لەسنووری ناحیەی کەندێناوە، هاوڵاتییانی ئەو سنوورە وا بەدوای پرۆسەی ئازادی ئێراق زۆر پرۆژەی ئابووریان لەسنوورەکە ئەنجامداوە، کە هۆکارێکە بۆ بوژاندنەوەی سنورەکەو گەڕانەوەی ئەو هاوڵاتیانەی کە ساڵانێکە بەهۆی سیاسەتی چەوتی رژێمی لەناوچوو ئاوارەی شارەکانی هەرێمی کوردستان ببون، ئەوەی جێی ئاماژە بۆ کردنە ئەو پرۆژە پەلەوەریانەی لەوسنورە نۆژەن کراونەتەوە لەساڵی ١٩٨٨ لەگەڵ سەرجەم دێهاتەکانی ئەو سنوورە لەلایەن رژێمی رووخاو تەختو وێران کران، ئێستاش خەڵکەکەی لەسەر ئەرکو تێچوی خۆیان نۆژەنیان کردۆتەوەو بووەتە هۆی بوژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵی لەو سنوورەو کەمبونەوەی پێداویستی هاوڵاتیان لە بەرهەمەکانی وەك گۆشت و هێلکەو پەینە ئاژەڵییەکان.

لەگەڵ ئەوەش زۆر لەو کێڵگە پەلەوەریانە لەسەر ئەرکو ماندووبوونی خۆیان نۆژەنیان کردۆتەوە، بەڵام زۆریش لەو کێڵگە پەلەوەریانە لەو ساتانەی لەلایەن رژێمی بەعسەوە تێکدران تاوەکو ئێستا وەك خۆی ماوەتەوە خاوەنەکانیان نەیانتوانیوە نۆژەنیان بکەنەوە تاوەکو بەردەوام بن لە ژیانی بەرهەمهێنان.

(سالم عەزیز رەشید) بەرهەمهێنەری یەکێك لەپرۆژە پەلەوەریەکانە لەسنووری ناحیەی کەندێناوە باسی ئەوەی کرد "دوای ئەوەی رژێمی لەناوچوو سەرجەم پرۆژە پەلەوەریەکان (دواجن )ی ئەو سنوورەی یەکسانی زەوی کردو خەڵکەکەشی ئاوارەی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان بوون، دوای پرۆسەی ئازادی عێراقو گەڕانەوەی ئەو خەڵکە بۆ ئەو سنوورە، لەسەر ئەرکو تێچووی خۆمان ئەو پرۆژانە نۆژەنکراونەتەوەو ئێمەش توانامان کەمەو ناتوانین وەکو پێویست پرۆژەکان بەڕێوە ببەین، بۆیە داوا لەلایەنە پەیوەندارەکان دەکەین بانکێکی کشتوکاڵیمان بۆ بخرێتە کار تاوەکو بتوانین کەرتی ئابووری کشتوکاڵی لەو سنورە بەرز بکەینەوەو هاوڵاتییان بتوانن لەو سنوورە پشت بە بەرهەمە خۆماڵیەکان ببەستنو هۆکارێکیش دەبێت بۆ گەشانەوەی ئابووری سنورەکەو هەرێمی کوردستان".

گەشاندنەوەی سنووری کەندێناوە لەو پرۆژە ئابوورییە کشتوکاڵیانە، جیا لەوانەش وەك ئەوەی خاوەن کێڵگە پەلەوەریەکان باسیان لێوە کرد "نەبوونی گەنم بۆ دروست کردنی ئالیكو نەبوونی پێداویستییەکانی تر وەك سوتەمەنی گازو کەمی تەزووی کارەباو بەدەنگەوە نەهاتنی بنکەی تەندروستی ئاژەڵی، هۆکارێکە بۆ دابەزینی بەرهەمو وازهێنان لەکاری بەرهەمهێنانی پەلەوەری، ئەوەش بەبەراورد لەگەڵ کێڵگە پەلەوەرییەکانی شارەکانی هەرێمی کوردستان یارمەتیو هاوکاری زۆر وەردەگرن لەحکومەتی کوردستانەوە".

(شەمال محەمەد)یش یەکێکە لە خاوەن پرۆژەکانی دەواجن لەسنووری ناحیەی کەندێناوە، سەبارەت بە پڕۆژە کشتوکاڵییەکان وتی "دوای پرۆسەی ئازادی لەسەر ئەرکو توانای خۆمان ئەو پرۆژانەمان نۆژەنکردۆتەوە، بەڵام ناتوانین وەکو پێویست ئەو کەرتە بگەشێنینەوەو بتوانین وابکرێت کە بۆ هاوڵاتییانی سنوورەکە لە پێداویستییەکانی سپیایی وەکو هێلکەو گۆشتی سپی بەرهەم بهێنرێ"، ئەو هاوڵاتییە باسی ئەوەشی کرد، کە وەکو پێویست لایەنە پەیوەندارەکان بەهانایان بێنو یارمەتی بدرێن وتیشی "زۆر جار نەخۆشیەکان وادەکەن بەرهەمەکانیان لەناوبچێتو ناتوانن رێگری لێبکەن"، بۆیە داوای ئەوەیان کرد وەکو شارو شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان ئاوڕیان لێبدرێتەوە.

خەڵکی سنووری ناحیەی کەندێناوە دوای ئازادی ناوچەکە گەڕانەوە زێدی خۆیانو تێکۆشان بۆ دروستکردنەوەو بنیادنانەوەی سنوورەکەیانو دووبارە گەڕاندنەوەی ژیان بۆ شارەکەیان، ئەو سنوورە لەڕووی ئیدارییەوە سەر بەپارێزگای موسڵەو هیچ پرۆژەیەکی خزمەتگوزایو ژێرخانی ئابووری لەسنوورەکەیان جێبەجێ ناکرێت، زۆریش لەو پرۆژانە هاوڵاتییان لەسەر ئەرکی خۆیان جێبەجێی دەکەن، بەهۆی کەمدەرامەتی خەڵکەکەوە بەرەو لاوازی دەچێتو بەرهەمهێن نابێت، بۆیە وەك هاوڵاتییان باسیان لێوەکرد ئاوڕدانەوەیەکی ماددیو مەعنەوەی لەسنوورەکەیان بدرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو سنوورە ساڵانێکە بە چۆڵەوانی ماوەتەوە هەروا نەمێنێتەوەو ئاوەدانیو ژیان رووی تێبکاتەوە.



مریشكو پەلەوەر لە پاشەکشە دایە

# بەرپرسان، ئاوی مەخموور ناخۆنەوە




**شێرکۆ مەحموود**

بەرپرس بەهەموو مانا و ئەو واتایانەی لێی دەکەوێتەوە لەئەنجام واتە بەرپرس لەهەموو کەموکورییەك و خزمەتکار بۆ میللەت لەهەموو روویەکەوە. دەڵێن ئیمامی عومەر خوای لێرازی بێت کابرایەکی لای خۆی دانابوو تا رۆژانە سێ جار بڵێ (ئەی عومەر لەخوا بترسە). بەرپرس دەبێت کورە بچوکی گەل و برا گەورەی بەرەحمی خەڵك بێت لەگەڵیان بژی و بمرێ لەناو خەڵك بێت،ماڵی لەتەك ماڵەکانی ناوچەو منداڵەکانی لەیاری و شەڕکردن لەگەڵ منداڵەکانی دەڤەرەکە بێت. ئێواران پاش ئەرکی پێسپێردراوی رۆژانەی لەسەردانی نەخۆش و پرسەو شایی و خۆشییەکانی خەڵك بەشدار بێت. شەوانە وەکو خەڵکی ناوچەکە چەندین جار کارەبای ماڵەکەی بکوژێتەوەو چەندین جاریش کارەبای مۆلیدەی فیوز بکات و دەست بکاتە ماسیحەیەك بۆ لێدانەوەی سرکێتەکەی ماڵیان، خەلکی گەرەك شەوانە سەردانی بکەن و چای لابخۆنەوەو ئەویش بەهەمان شێوە. بەرپرس ئەگەر کوری پیاوێکی دەڤەرەکە بێت ئەوا پێویستیشی بەسیخوڕکاری خەڵك نابێت، چونکە خاس و خراپی خەڵك دەناسێ و بریارەکانیشی هەموو کات لەشوێنی خۆی دەبێت، بەڵام ئەگەر بەرپرس لەشوێنێکی دوور هات و بەیانیان رێگاوبانەکانی بەپۆلیس و ئاسایش بۆ کۆنترۆڵ کرا ئەگەر مرۆڤێکی زۆر خزمەتگوزاریش بێت ئەوا بەبەراورد لەگەڵ بەرپرسێك ماڵی لەتەك ماڵان بێت وەکو ئەو نابێت. بەرێزان بەرپرسان وەرن لەنێوانمان بژین؟! ئێمە هیچمان بە بەرپرسیاریەتی ئێوە دڵتەنگ نین. بەڵام ئەگەر شەوو رۆژتان لەگەڵ ئێمە بێت ئەوکات باشتر دەزانن ئێمە چۆن گوزەران دەکەین و ژانەکانمان چییە! لێمان نزیك بن با بۆن و بەرامی خۆشی ئێوەش ئێمەی هەژاریش بگرێ! با مۆنیکاکانتان لەناوەراستی گەرەکەکانمان بوەستن! با هەست بکەین ئێوەش لە ئێمەن نەك وەکو ئەوەی لەهەسارەیەکی تر هاتبن؟! بەرێزان ئێوە دەڵێن نیشتیمان دایکە، باشە من پاش ئەوەی زۆر بە قوڵی بیرم کردەوە، دەبێ شیری ئەم دایکەم چیبێت؟ بۆم دەرکەوت ئاوەکەیەتی، ئیدی زۆر بەشانازییەوەو بێ ترس لەنەخۆشی ئاوە سوێرو رەنگ بزرکاوەکەی دەخۆمەوە. پاش خواردنەوەشی پڕ بەدەم دەڵێم (الحمدللە) ئەدی بۆچی ئێوە ئاوی موقەتەر نەبێت نایخۆنەوە؟! ئەگەر دەزانن ئاوەکەمان تەندروست نییە بۆمانی چاك بکەن؟ ئەگەر نا دەفەرموون وەکو ئێمە بیخۆنەوە؟ ئەمە شیری دایکە دایك، یان دایکی ئێوە نییە؟.

# دەستکەوتەکان چۆن بەدی هاتن؟

**ئازاد مەخمووری**

لەسەرەتای سالانی نەوەدەکانەوە رژێمی لەناوچووی بەعس ئابلۆقەی ئابووری خستە سەر هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی هەر سێ پارێزگای هەولێرو دهۆك و سلێمانی لە هەموو روویەکەوە چ لەبڕینی تەزووی کارەباو سوتەمەنی و خۆراك و پێداویستییەکانی هاولاتییان کە بۆ ژیانی رۆژانە بەکاریان دەهێناو لەخاڵەکانی پشکنینی نێوان هەرێمی کوردستان و رژێم ئازاردانی هاولاتییانی کورد بەتایبەتی لەرێگاکانی موسل و کەرکوك تاوەکو سالی (١٩٩١)، جەماوەری کوردستان ئارامیان نەماو بەپشتیوانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان راپەڕین دەستی پێکرد، لەدەروازەی رانیەی شۆرشگێڕەوە تاوەکو هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستانی گرتەوە بەکەرکوکی بووکی کوردستانەوە، سەراپا لەژێر دەستی دامودەزگاکانی بەعس پاککراوە لەدەست زوڵم و زۆرداری عەفلەقییەکان، ئەوەبوو ئالای کوردستان لەهەموو شارو شارۆچکەکان دەشەکایەوە، پاشان سەرکردایەتی کورد لەناوەوەو دەرەوەی ولات فشاریان خستە سەر نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ سەرانی بەعس دابنرێت تاوەکو چیتر گەلەکەمان ئازار نەدات بۆ گوزەرانی گەلی کورد بەم شێوەیە بوو، تاوەکو سالی ١٩٩٢ بەرەی کوردستانی وای بەباشزانی هەلبژاردنی سەرتاسەری بکرێ بۆ ئەوەی ئەو دەستکەوتانەی بەدەست هاتوون بەفیرۆ نەچێ، چونکە بە هەزاران رۆڵەی کوردی لەپێناو شەهیدبووە، ئەوە بوو هەموو گەلی کورد بەشداری لەهەلبژاردن کرد، بۆ ئەوەی کیانێك بۆ گەلەکەمان بێتەکایەوەو ئەویش پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، دوای ئەوەش پەرلەمانی کوردستان دەستی بەکارەکانی خۆی کرد، حکومەتی کوردستان توانی موچەی فەرمانبەران و مامۆستایان دابین بکات. ئەوکاتەی گەلی کورد لەژێر سێبەری حکومەتی کوردستان ژیانی ئاسایی خۆی بەسەردەبرد، بەلام رژێمی بەعس چاوی بەو ئازادیەی کوردستان هەڵنەدەهات، ئابلۆقەی ئابووری خستە سەر هەرێمی کوردستان، نرخی کالاکان لەکوردستان رووی لە بەرزبوونەوە بوو، بەتایبەتی سوتەمەنی، خەڵکی کوردستان رۆژانە بەنرخێکی زۆر گران دەیانکڕی تاوەکو سالی ٢٠٠٣ لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانان توانیان دیکتاتۆریەتی سەدام لە ناوبەرن و گەلی ئێراق ئازادبوو لە زولم و زۆرداری، ئێستا سوپاس بۆ خوا سەرۆك کۆمار کوردەو سەرۆکی کوردستان کوردەو سەرکردایەتی کورد




هێشتا خەڵکانێك هەن لە بن دیوارەکان بژێوی ژیانیان بەو شێوە بەدەست دێین

ئەوەی گەلی کورد وەکو گەلانی جیهان بەئازادی بژی. دوای هەوڵ و تەقەلایەکی زۆری سەرکردایەتی کورد بەیارمەتی گەلانی خێرخوازو نەتەوە یەکگرتووەکان ویژدانیان جولاو هەستان بەدانانی هێلی (٣٦) لەنێوان هەرێمی کوردستان ئەو ناوچانەی دەسەلاتی بەعسەوە، ئەوکاتە هەرێمی کوردستان هەستی بەنیمچە ئازادییەك دەکرد، چونکە ئەوکات خۆی بەرێوەدەبردو سەرکردایەتی کوردو بەرەی کوردستانی بەهەموو چین و توێژی مامۆستاو فەرمانبەران لە دامودەزگاکان بەبێ مووچە کاریان دەکردو دەوامی فەرمی خۆیان رۆژانە بەرێوەدەبرد بۆ راپەڕاندنی کاروباری هاولاتییان بەبێ گوێدان بە مووچە، ئەوەبوو ژیانی توانای هەیە ئێراق بەرێوەبەرێ.

ماوەتەوە بلێین کە ئاخۆ دەسەلاتی کوردی تاچەند پابەندی یاساو بنەما دیموکراتییەکانەو تاچەندیش پەیرەوی عەدالەتی کۆمەلایەتی و یەکسانی لەدابەشبوونی مووچەو نەهێشتنی گەندەلی و دووبارە کارکردن لەپێناو ژیانێکی بەختیارو ئاسوودە دەکات، بۆ تەواوی پێکهاتەو چین و توێژەکانی کوردستان. هەموو ئەم پرسیارانە ئەگەر لە کۆتایش کردمان، بەلام نابێ لەخەیال و بەرنامەی دەسەلاتدارانی کوردستان ونبێ هەقوایە سیاسەتمەدارانی کوردستان لەجیاتی گیرفان پرکردن و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان ئاورێك لە رابردوو بدەنەوە ئایندەی ئەو گەلەیان لەبەرچاو بێت.

لەیادی ١٨ ساڵەی ئازادکردنی شاری مەخموور‌دا

# پیاوانی سەردەمی بەعس جارێکی دیکە دەبن بەنوێنەری خەڵکی مەخموور



**موحسین شوانی**

چەند رۆژێك بەر لەئێستا یادی هەژدە ساڵەی ئازادکردنی شاری مەخموورمان کردەوە، ئەو رۆژەی هەرگیز لەیادگای دانیشتوانی ئەم شارە وون نابێت. بەڵێ رۆژانی سەرەتای مانگی ئاداری ساڵی ١٩٩١، بۆتە مێژوویێك بۆ شکۆمەندی و سەربەرزی و شەهامەتی میللەتی کورد، ئەو رۆژەی کورد گوتی ئیتر بەسە بۆ ستەم و ژێردەستەیی، بەرق و گیانی خۆبەختکردن لەشاری رانیەی دەروازەی راپەرین بەرووی دامودەزگا دابلۆسێنەرەکانی رژێمی بەعس تەقییەوەو رۆژ دوای رۆژ ناوچەیەك و شوێنێکی ئەم کوردستانە لەچنك پیاوە خوێن مژەکانی دیکتاتۆر پاك کرایەوە، تاشالاو هەڵمەتی راپەرین گەیشتە شاری قەلاو منارەو لەرۆژی ١١ی ئادار بەهەموو چین و توێژێکەوە رژانە سەرشەقام و پلنك ئاسا لەماوەی چەند کاتژمێرێك، سەرجەم ئەو شارە لەپاشماوەکانی بەعس پاك کرایەوە، ئەو رۆژە مژدەیەك بوو بۆ هەموو کورد کە ئیتر خۆری ئازادی دەرکەوت و تاریکی زوڵم و ستەمی وەدەرنا، بەڵێ ئەو رۆژە کاتژمێر چواری ئێوارە زۆربەی گەنج و لاوان و جوامێرانی مەخموور دوای بیستنی هەواڵی پێشوەچوونی راپەرین و مژدەی ئازادکردنی شاری هەولێر وزەیەکی ترو پاڵنەرێکی تری پێ بەخشین، بۆیە سەرجەم ئەو خەڵکە بۆ راپەرین هاتنە سەرشەقام بەتایبەتی لەناو بازاڕی ئەوشارە پڕبون لە خەڵك و چاوەڕوانی یەکەم تەقەبوون و لەناخەوە کلپەی ئاگری بەرخودان هەڵدەقولا، بەلام پیاوانی رژێم بە ئەمن و ئیستخبارات و حزبەوە بەچەك و ئوتومبێلەکانیان بەناو بازاڕو بەرچاوی ئەو گەنجانە دەهاتن و خۆیان ئامادەکردبوو بۆ هەر پێشهاتێك، بەلام لەبەر ئەوەی کەس ئەم خەڵکەی پێ رانەسپێردرابوو رێکخستنەکانی ناوشاریش پلانی خۆیان بۆ رۆژی داهاتوو دانابوو، بۆیە بەسەر چوونی ئەو رۆژو شەوە بۆ دانیشتوانی مەخموور زۆری خایاند، بەلام بەیانی زوو لەگەڵ گزنگی خۆر لە چیای قەرەچووغ پێشمەرگەکان لەدەروازەی بازارگەوە دەرکەوتن و کردیان بەتەقەو جەماوەریش لە خۆئامادەباشی دابوون هەر بە بیستنی یەکەم تەقە هاتنە دەرەوەو بەرەو دامودەزگاکانی بەعس و حکومەت کەوتنە رێ، بەلام زۆربەی پیاوە ترسنۆکەکانی رژێم بەر لەهاتنی هێزی پێشمەرگە مەخموریان جێهێشتبوو، خۆشبەختانە بەماوەیەکی زۆر کەم و بێ رووبەروو بوونەوە شاری مەخموور ئازادکرا، بەڵێ لە ١٢ی ئاداری ١٩٩١ بۆ یەکەم جار لەمێژووی ئەو شارەدا ئازادی فەراهەم بوو، ئەم رزگارکردن و ئازادیە تەنیا ٢٠ بیست رۆژی خایاند، دواتر سوپای بەعس بە پالپشتی فرۆکەو تانك و زرێپۆش و تۆپی قورس و چەندین عەشیرەتی عەرەبی ناوچەکە کەوتنە گیانی ئەو خەڵکە دووبارە دەڤەری مەخموور داگیرکرایەوە.

بۆیە لەو یادەدا پێویستە چەند خالێکی گرنگ و پێویست بەیاد بخەینەوە بۆ پەند وەرگرتن. پێش راپەرین و لەسەردەمی ژێردەستی بەعسدا خەڵکی ئەم شارە سۆزی نەتەوایەتی و گیانی بەرگریيان ئارام گریوون، راستە دەلێن چەم بێ چەقەلیش نابێ لەگەڵ ئەو هەلوێستە کوردایەتیە هەندێ کەسیی نەفس نزم و خۆفرۆش کە بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن ئەوانەی ئەلقە لەگوێ و کاسە لیسی بەعس و ئەمنی ئیستخبارات بوون، یان هەندێك بۆ بەرژەوەندی و مانەوەی خۆیان ناسنامەی کوردایەتی خۆیان گۆرییوو.

لێرەدا دوای هەژدە ساڵی ئازادی، بیست رۆژەی ساڵی ١٩٩١و شەش ساڵەی رووخانی سەددام پێویستە چەند هەلوێستەیەك بکەین، ئاخۆ لەرووی کۆمەلایەتی و سیاسیی و خزمەتگوزاری چەند سیمای دانیشتوان و شارەکەی گۆراوەو بەرەو گۆران و پێشەوەچوون چووە ؟؟.

بەداخەوە نموونەیەکی زەق و بەرچاوی نییە لەم بوارانە بیخەینە بەر دیدی خوێنەران، لەرووی کۆمەلایەتی و کوردایەتی بە بەراورد لەگەڵ سالانی ژێردەستەیی ئومێد بەخش نی یە، ئەو دوای بینینی ناوچەکە دانی بەو راستیە نا کە مەخموور دەڤەرێکی بێ خزمەت و دواکەتووە. ئەمەش بە شێکی زۆری دەخرێتە سەر ئەستۆی هەردوو ئیدارە، کە زۆر جاریش هەردوولا یەکتر تاوانبار دەکەن بەرێگرو گرفت دروست کردن بۆ ئەنجامدانی خزمەتگوزاری بەهەرحال دانیشتوانی ئەم شارە چاویان بڕیوەتە هەرێمی کوردستان و چاوەروانی هاوکاری و خزمەتی گەورە دەکەن وەك چۆن لەناوچەو بەشەکانی تری کوردستان دەبینرێت.

ئەوەی ماوەو پێویستە دانیشتوانی شاری مەخموور خۆی بۆ ئامادەبکەن، بەگیانی لێپرسراوی و ئەرکێکی مەزنی بزانن بەشداری کردنە لە هەلبژاردنی ئەنجوومەنی قەزایە کە بەپشتوانیی خودا دوای چەند مانگێکی تر ئەنجام دەدرێت.

کەسیی شیاو نوێنەری راستەقینە هەلبژێرین و دەنگ بەو پالێوراوانە بدەن کە خزمەتی دانیشتوان و شارەکە دەکەن،



ئێجگار جێی ئاماژە پێکردنەو کە بەجۆرەها شێواز رژێمی بەعس کەوتبووە گیانی ئەو خەڵکە، هەر لە گرتن و کوشتن و زەوتکردنی زەوی و زارو... هتد. خالێکی دی ئەو خەڵکە بەجیاوازی بیرو ئینتیمای حزبی، بەلام یەك دڵ و یەك هەلوێست بوون، کوردایەتی و نەتەوایەتیان پێش هەموو شتێك و بەرژەوەندی حزبی و شەخسی دەخست، ماوەی ئەو بیست رۆژەی ئازادیش هەر ئەو برایەتی و تەبایی و کوردایەتی مایەوە دوور لە گەندەلی و ململانێی تەسکی حیزبی، شایەنی گوتنەدوای ئەو مێژووە تاکو رووخانی رژێمی سەددام لە ٢٠٠٣/٤/٩ دانیشتوانی ئەم قەزایە بەدڕندەترین شێوازو هۆکار لەلایەن کاربەدەستانی حیزبی و ئیداری مەخموور دەچەوسێنرانەوە، بەلام خۆراگرو پەیوەندییە پتەوەی نێوان سەرجەم پێکهاتەو دانیشتوانی شارەکە هەبوو لەرووی بەدەمەوە چوون و خۆشەویستی یەکترو هاوکاری و برایەتی و جیاوازی نەبوو، بەداخەوە بەرەو کالبوونەوە چووە، لەرووی سیاسیی و بەشداری حکومەتەوە، رەنگە تارادەیەك پێشوەچوونی لەبواری هۆشیاری و رۆنشبیری سیاسیی بەخۆیەوە دیووە، بەلام لەرووی ململانێی نادروست و پێوەری حیزبایەتی بۆ هەموو شتێك پاشەکشەی کردووە، حیزب درزی خستۆتە نێو ریزەکانی دانیشتوانی مەخموور، خۆشەویستی و خزمەت و رێزگرتن زیاتر بۆ ئەندامانی حیزب بووە. لەبواری خزمەتگوزاریش جگە لەچەند پرۆژەیەکی بچووك و بەژمارە کەم شتێکی بەرچاو نابینرێت، بۆیە نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان (ستیڤان دیمستۆرا) حیزبایەتی نەکەنە پێوەر لەسەر بنەمای حیزبی بوون دەنگ نەدەن و ئەو هەلە لە دەست خۆیان نەدەن ئەگەر نا ئەو گلەیی و گازاندانەی دەیکەن و ئەو نارەزایەتیەی لە پەنا دیوارو مالەکان دەیکەن بێ سوود دەبێت.

چیتر ئەو پیاو ماقول و کەسایەتیانە نەکەنە نوێنەری خۆیان کە سەردەمی بەعس بەهۆی کاسەلێسیەوە ببونە پیاو ماقول، دوا قسەشم بۆ سەرجەم لایەن و حیزبەکانە چیتر ئەو کەسانە نەکەنە نموونەو کەسایەتی مەخموورو ئەو کەسانە نەبەن بۆ لای بەرپرسە بالاکانی حیزب و حکومەت، دەپرسم ئەو شارە کەسی تری تێدانییە کوردەپەروەرو رابردوو پاك و خاوێن هەلوێست تربێ لەوانە ؟!.